٧ رۆژنامە

www.rozhnama.com

رۆژنامەی ئاشتی کوردستان و شارەزایی وشەی دەکات

No.283 Thu 14/8/2008 | نرخ 500 دینار | ژمارە 283 پێنجشەمە 2008/8/14

سامان شالی:
کارکردنی حیزبەکان بۆ بەرژەوەندیی خۆیان، کاریگەریی بۆ سەر لۆبی کورد لە ئەمەریکا هەیە
ل ٥

١٤ ملیار دینار بۆ راهێنانی پیشەیی دابینکراوە
ل ٧

بە دوو گوند بنکەیەکی تەندروستییان هەیە
ل ٨

ئاژەڵو باڵندە کێویەکان بەرەو لەناوچوون دەچن
ل ٩

ئاسۆی سەربەخۆیی کورد ڕۆشنە
ل ١٥

٦٠٪ی ئاوی خواردنەوەی پارێزگای دهۆک پیسە

گەلی عەلی بەگ وشکی کرد

ئاوی وشکبوون

پێش وشکبوون

فۆتۆ: بورهان قادر

رۆژنامە

پیسبوونی ئاوی خواردنەوەی پارێزگای دهۆک لە ئاستی ئاسایی تێپەڕدەکات و لە ناوچەکانی دەرەوەی شارەکە ڕێژەی ئاوی پیس دەگاتە ٦٠٪و دەمێنێتە هاڵەتی مەترسیدار. بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی دهۆکیش هۆشداریی بڵاوبوونەوەی چەندین نەخۆشی دەدات.

د. عەبدوڵا سەعید، بەڕێوەبەری گشتیی تەندروستی دهۆک لە ئیدوانیکدا بۆ ڕۆژنامە ئاماژەی بەوەکرد کە ڕێژەی پیسبوونی ئاوی شارەکە ئاسایی تێپەڕ ئاوی ئاوشاری دهۆک ٢٠٪ پیسە دەوروبەری دهۆکیش نزیکەی ٤٠٪ پیسە لە شوێنە دوورەکان و گوندەکانیش دەگاتە نزیکەی ٦٠٪، ئەو ڕێژەیەشی بە مەترسیدار ناوبرد.

بەڕێوەبەری گشتیی تەندروستی دهۆک نیگەرانی خۆی لە بارودۆخەکە نیشاندا، بەوپێیەی ڕەنگە ئەم ئاوە پیسە ببێتە هۆی بڵاوبوونەوەی چەندین نەخۆشیی لە پارێزگاکەدا، هەروەک داوایکرد ئەو کێشەیە چارەسەر بکرێت و وتیشی: «هەر لێرەشەوە ئێمە زەنگی ئەو مەترسیە بە بەرپرسەکان دەگەیەنین».

زانیاریی زیاتر لە ل٢ دا بخوێنەوە

٦٠٪ی ئاوی خواردنەوەی پارێزگای دهۆک پیسە

ئارام شێخ وەسانی

دهۆک

پیسبوونی ئاوی خواردنەوەی پارێزگای دهۆک لە ئاستی ئاسایی تێپەڕدەبێت و دەگاتە ٦٠٪، بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی دهۆکیش هۆشداریی بڵاوبوونەوەی چەندین نەخۆشی دەدات و بەرپرسیاری ئەو پیس بوونەش دەخاتە ئەستۆی بەڕێوەبەرایەتی ئاوی شارەکە.

د. عەبدوڵا سەعید، بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی دهۆک، لە ڕۆژنامە ئاماژەی بەوەکرد کە ڕێژەی پیسبوونی ئاوی شارەکە ئاسایی تێپەڕ ئاوی ئاوشاری دهۆک ٢٠٪ پیسە دەوروبەری دهۆکیش نزیکەی ٤٠٪ پیسە لە شوێنە دوورەکان و گوندەکانیش دەگاتە نزیکەی ٦٠٪.

بەڕێوەبەری گشتیی تەندروستی دهۆک نیگەرانی خۆی لە بارودۆخەکە نیشاندا، بەوپێیەی ڕەنگە ئەم ئاوە پیسە ببێتە هۆی بڵاوبوونەوەی چەندین نەخۆشیی هەروەک بەرپرسیاریەتی پیسبوونی ئاوی دهۆکیش دەخاتە ئەستۆی ئەو بەڕێوەبەرایەتی ئاوی دهۆک. وتیشی: «بەڕێوەبەرایەتی ئاو بەرپرسە لەو پیسبوونەو دەبێت بەرپرسان ئاگادار بن کە ئەم بارودۆخە بێوێنە چارەسەر بکرێت. هەر لێرەشەوە ئێمە زەنگی ئەو مەترسیە بە بەرپرسەکان دەگەیەنین».

ئۆرەکانی دابەشکردنی ئاو لە شاری دهۆکدا کۆنن و لە زۆر شوێنیش ئۆری ئاو نییە و پشت بە ئاو بیر دەبەسترێت، کە تەندروستی ئەمەر نییە.

لەلایەن خۆشیەوە ئەندازیار فارس حاجی سەلیم، بەرپرسی بەشی پلاندانان لە بەڕێوەبەرایەتی ئاوی دهۆک دوای پشتڕاستکردنەوەی ئەو زانیارییانە، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: زۆربەی ئۆرەکان بۆ ئاوی خواردنەوەی دهۆک پێش ٢٥ ساڵ بۆ ١٠ ساڵ دروست کراون و بوریەکان کۆن بوون. وتیشی: «بۆ چارەسەری ئەو کێشەیە پرۆژەمان هەیە بۆ نوێکردنەوەی ئۆری ئاوی دهۆک و دەستمان بە پرۆژەکە کردووە و هەندێک شوێنمان ئەواوکردووە و چەند ئاوچەیەکی ئێرەش لە بەرنامەدایە».

دیمەنێکی شاری دهۆک